**INTERNATIONAL CAMPAIGN**
**AGAINST KILLINGS AND STONING OF WOMEN IN KURDISTAN**

# بۆ پێشگرتن به كوشتنی " دوعاكان" ،نارِەزایەتیەكان یەكخەین.

**وەک ئاگادارن عیراق و کوردوستان بۆتە شوێنی تیرۆرو کوشتن و ئەتک کردنی ژنان .کوشتنی و توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان بۆتە سیمایەکی ڕۆژانەو لە هەموو کوچەوکۆڵان و شوێنێکی ئەم کوردوستان و عیراقە دەبینرێت.**
**کارەساتی جەرگبڕو بێ وێنەی کوشتنی دوعا وبەدوای دا شەوبۆ و تازەترینیشیان ئامینەی 12 ساڵە. کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەت ڕاچڵەکاندو ویژدانی هەموو ئینسانێکی هەژاند.**
**کەمپینی جیهانی دژ بە ڕەشەکوژی وبەردبارانکردنی ژنان لە کوردستان لە ڕۆژی ئەوەلی بڵاوبونەوەی کارەساتنی دوعا هەندێک کاری لەسەر یەک داناوە و ،دەیەوێت ئەو کارە تاسەر بەرێت . بۆیە لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ پێشنیارو بە ئەنجام گەیاندنی چالاکی جۆراو جۆر بە کۆمەڵ و بە تەنیا. بۆ ڕێگە گرتن بە کوشتن وڕاگرتنی توندوتیژی بەرانبەر ژنان، پێویست بە هاتنە مەیدانی هەموو کەسێکی شەرافەتمەند و ئینسانی خوازی کوردوستان و دنیا هەیە .**
**بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بخرێتە سەر دەسەڵاتداران لە کوردستان ولە عیراق ،و بەرپرسی خۆیان لە بەشێکی ئەم کۆمەڵگایە کە ژنانن نیشان بدەن.**
**بۆیە بەناوی کەمپینی دژ بە ڕەشەکوژی و بەردباران کردنی ژنان لە کوردستان ڕۆژی –شەممە ڕێکەوتی 9 ی مانگی جون( حوزەیران)--2007--------- دیاری دەکەین بۆ نارِەزایەتی دەربڕین لە بەردەم سەفارەتی عیراقی لە ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا ، ئەم کارە لە زوربەی وولاتەکانی دنایدا بەڕێوە دەچێت. بەشداریتان نیشانەی خەمخۆریتانە بۆ کۆتایی هێنان بەکارەساتەکانی کە دژ بە ژنان دەکرێت.**

## كات وناوو نیشانی شوێنی خۆپیشاندان:

**ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 16ی مانگی جون( حوزەیران) 2007**
**کاتژمێر 1ی دوای نیوەڕۆ تاوەکو 2:30 ی دوای نیوەڕۆ.**

**Embassy of Iraq**
**215 McLeod Street**
**Ottawa, ON, K2P 0Z8**

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانانە بکەن:

(613)266-5428 ئاراس ڕەشید

(416)877-3577 عادل احمد

MAP: http://maps.google.ca/maps?f=q&hl=en&q=215+McLeod+Street,+ottawa,+on

کەمپینی دژ بە ڕەشەکوژی وبەردبارانکردنی ژنان لە کوردستان –کەنەدا